چنین (حبکة - پلۆت) بە هەر شێواز و تەکنیکێکی جیاوازی گێڕانەوە بنیات نرابێت. لە هەموو جۆرەکانی ڕۆماندا، هۆکاری کاریگەری ڕاکێشانی خوێنەرە بۆ خوێندنەوەی بە مەراق و تاسە و چێژەوە، سەرەڕای هەنگاونانی بێ پسانەوە لەگەڵ هەڵکشانی ڕووداو و جووڵەی کارەکتەرەکاندا لە جووتە فەزای کات و شوێندا، لەبەراییەوە تا کۆتایی.

گەورە نووسەرە جیهانییەکان، بە پشتبەستن بە فراوانیی خەیاڵ و قووڵیی ئەزموون و تێگەیشتنیان لە ژیان و زانیارییەکان، بەرهەمەکانیان بوونەتە ڕەنگدانەوەی واقیع و ژینگە و مرۆڤەکانی کۆمەڵگەکانیان بە هەموو لێکچوون و جیاوازییە جەستەیی و دەروونییەکانیانەوە، بەڵام ڕەنگدانەوەیەکی داهێنەرانە نەوەک کۆتومت، بە گێڕانەوەیەکی خۆش و پڕ چێژ، چونکە ڕۆمان ئەگەر مەرجی خۆشی و چێژ وەرگرتنی تێدا وەدی نەهات، ڕەنگە خوێنەر پاش خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەک، یان زیاتر.. بەجێی بهێڵێت. بۆ نموونە ئەگەر ڕۆمانی (برایانی کارامازۆف)ی دەستۆیڤسکی هەموو ڕەگەزەکانی چنینی تێدا هەڵنەکەوتایە، چۆن خوێنەر هەر سێ جزمەکەی پێ تەواو دەکرا؟!. (بابەت- ثیمة)ش لە تۆڕی پێکهاتە، یان ڕەگەزەکانی (چنین)دا (داینەمۆ)یە. ڕۆماننووس بۆ گەیشتن بە (دوندی ڕووداو- قمة الحدث) دەیخاتە گەڕ کە گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە ئەو چەقەیە کە خوێنەر لە سەرەتای خوێندنەوەوە عەودالّە بیگاتێ، دواییش بەردەوام ببێت تا بزانێت ئاخۆ ئاکامی ڕووداوەکە بەچی دەگات. هەر دەستۆیڤسکی لە ڕۆمانی (تاوان و سزا)دا، لە دەستپێکەوە تیشک دەخاتە سەر دوو جەمسەری دژبەیەکی کەسایەتیی (ڕاسکۆلنیکۆف)ی جوان و جحێڵ، لە هەمان کاتدا کڵۆڵ و نەدار.. لەبەرانبەردا کەسایەتیی (ئالیۆنا ئیڤانۆڤنا)ی پیرێژنی (سووخۆر)، یان (ماردەخۆر)ی بەدفەسڵی بێ ویژدان کە (ڕاسکۆلنیکۆف) بۆ خۆڕاهێنان لەسەر ئەنجامدانی ئەو نەخشەیەی لە میشکیدایە، دەچێتە مااڵی و کۆنە کاتژمێرێکی زیوی لە لای بە ڕەهن دادەنێت، ئینجا ڕۆماننووس بە وردی و لێزانییەوە، وردە وردە ڕووداوەکە بەرەو بەرزایی هەڵدەکشێنێت تا دەگاتە ئەو قۆناغەی ئێوارەیەکی درەنگ لە ژوورەکەی نزیک دەرگای دەرەوەی ئەو خانووەی تێیدا دەژیێت، کێردێک لە بن سەکۆکەی ژوورەوە ڕادەکێشێت و دەیخاتە لای ڕاستی بن پاڵتۆکەیەوە، ئینجا ڕێک بەرەو ئەو ئەپارتمانە دەخشێت کە مااڵی (ئالیۆنا)ی لێیە.

ناوکە خۆخ

نەوزاد ڕەفعەت

بە دزییەوە بە قاڵدرمەی دەستە چەپدا، بۆ سێیەم نهۆم سەردەکەوێت، چەند جارێک زەنگی دەرگاکە ڕادەکێشێت، (ئالیۆنا) بە بەژنە کورت و چاوە زیتە گومناوییەکانییەوە، لە درزی دەرگاوە دەردەکەوێت، (ڕاسکۆلنیکۆف)یش بە نیمچە زۆرەملێوە، خۆی بە مااڵکەدا دەکات.

(دوندی ڕووداو) لەوەدایە؛ کاتێک (ئالیۆنا) دەچێتە نزیک پەنجەرەیەکەوە تا چاو داتە قۆدییە جگەرە زیوەکەی کە (ڕاسکۆلنیکۆف) هێناویەتی لە لای ڕەهن بکات، بە هەردوو دەست کێردەکەی بە تەوقی سەردا دەکێشێت، دووی تریش لە هەمان شوێن دەدات، ئینجا پیرێژن بە پشتدا دەکەوێت، پاش تاوێک، بە هەمان کێرد، (ئەلیزابێس)ی بەسەزمانی خوشکیشی دەکوژێت کە دەیچەوساندەوە.

(ڕۆماننووس) ئەوەندە بە وردی وەسفی کوشتن و ژوورەکە و کەلوپەلەکانی و شت دزین دەکات، دەڵێیت خۆی لەوێ بووە.

(دوندی ڕووداو) لە فەسڵی حەوتەمی جزمی یەکەمدا ڕوودەدات، ئیدی خوێنەر ناچار لە جزمی دووەم و سێیەمدا، بەدوای ئاکامی چارەنووسی بکوژدا هەڵوەدا دەبێت، ئاخۆ دان بە تاوانەکەیدا دەنێت یان نا!!. دەشێت (دوندی ڕووداو)، یان (چەقی ڕووداو) بە ناوکە خۆخ بچوێنین، لەبەرئەوەی سەرجەم ڕۆمانەکە دەگرێتە خۆ و شوێنەواری لە یادگەدا ئەوەندە قووڵ ڕۆدەچێت کە بە ئاسانی لەبیر ناچێتەوە.

دەپرسین: دەبێت لەم جۆرە ژانرەدا، ڕۆماننووسێکی خۆمان هەبێت، ڕۆمانەکەی بەچنینێکی هاوشانی ئەو چنینە ئەفسوونییە چنیبێت و لە ناواخنیدا ناوکێکی وەهای خوڵقاندبێت؟!.